
**بەشی ١-٣**

**بەرکولێ لە ژیاننامەی *ئۆتۆ ڤۆن بسمارک*، سەرکردەی کاریزمایی یەکگرتنی ئەڵمان...**

**هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/١/١**




ساڵی 1952 ئینیستیتووتی ئالەنباخ بۆ پێشنیازکردن/ Allenbacher Institut für Demoskopie بەپرسیاری : چ ئەڵمانییەک گەورەترین خزمەتی بە وڵاتەکەی کردووە؟ ڕاپرسییەکی ئەنجام دا. لەئەنجامی ڕاپرسییەکەدا "بسمارک " دەرچوو.

هەر وەک بڵێ "نیتچە"ی فەیلەسووف ئەو گوتە بەناوبانگەی "ویستی دەسەڵات /Will to Power"ی بۆ بیسمارکی سەرکردەی کاریزمایی ئەڵمان وتبێت، ـ ئەگەرچی نیتچە ئەو وتەیەی لەناوەڕۆکی وتەیەکی بسمارکەوە : " **جیهان بریتییە لە ویستی دەسەڵات و هیچی دیکە" ـ** وەرگرتووە. ئەو سەرکردەیەی لە سەختترین بارودۆخی پچڕپچڕی ناوخۆیی و گەمارۆدراوی دەرەکیدا، توانی ئەڵمان یەکخات و بیکاتە خاوەنی ئابووەرییەکی بەهێز و سیستەمێکی تۆکمە و شادیان بکات بە بوون بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی. بەدەوڵەتبوونی ئەڵمان لەناوجەرگەی ئەوروپای تەندراو بە کۆمەڵێ زلهێزی جیهانی ڕووداوێکی تایبەتمەندە و ڕێگایەکی تایبەتی بڕیوە تا گەیشتووەتە ئەنجام. هەر بۆیە بسمارک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا گەورەترین قسەی لەسەر کراوە و تا ئێستاش گەورەترین کەسایەتییە،لە مێژووی ئەڵمانی دا. ئەڵمان خاوەنی سەدان کەسایەتی گەورەی سیاسی و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی و زانستی و وەرزشی و تەکنەلۆژی و داهێنانی دیکەی گەورەی پزیشکی شتگەلێکی دیکەیە... بسمارگ گەورەترین کەسایەتی خاوەن کاراکتەری ویستی/ ئیرادەی دەسەڵاتە. دەسەڵاتەکەش بۆ خزمەتی تەنیا گەیشتن بە یەگرتن و یەکێتی نەتەوەیی ئەڵمان.

ویست و حەزی دەسەڵاتی بسمارک ناوەڕۆکێکی مەکیاڤیلییانەی هەبووە، لێ گرنگ هەبوونی ئامانج و هێنانەی خەونی گەیشتن بە ئاواتەکانە، کە بسمارک لەسەر دەستی خۆیدا هەمووی هێنایە دی. لەسەر کەسایەتی بسمارک بەهەزاران هەزار سەرچاوە هەیە و بەشێکی باشیئشی لەلایەن مێژوو نووس و نووسەرانی بێگانەوە نووسراون. بۆ نموونە مێژوونووسی دیاری ئەمەریکی Otto Pflanze کتێبێکی بە 3 بەرگ و بە قەبارەی 1700 لاپەڕە لەسەر نووسیوە. کتێبخانەکانی رووسیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و پۆڵۆنیا و زۆر وڵاتی دیکەش بێبەش نین لە سەرچاوە لەسەر بسمارک.

سەرباری کۆمەڵێ سەرنج و ڕەخنەی ئێرە و ئەوێ، بەتابەت ئەو شەپۆلە ئایدۆلۆژیایی و جیهانبینییەی ساڵانی 70 & 60 سەدەی ڕابرودوو،دوای جەنگی جیهانی دووەم ،ڕووی لە ئەوروپا و جیهان،کە کەسانێک وەک بسمارک بە پێوەر و تێڕوانی مۆدێرنە تەماشا دەکران و بەر ڕەخنەی تیۆری دەدران، لێ هێشتا بسمارک ئایکۆنێکی درەوشاوەی مێژووی لاپەڕە گەشەکانی ئەڵمانە،لەگەڵ هەر قۆناغێکی مێژووییدا، سەر هەڵدەداتەوە، هەستی ئەڵمان بوون دەورووژێنێ.وەک ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی ساڵی هەردوو ئەڵمانیا و تەنانەت لەم سەردەمەی پەتای کۆرۆنادا، بایەخی ئەو دەوڵەتەی بسمارک بۆ ئەڵمانی دروست کردووە، زۆر سەنگینترە لە ڕۆژەکانی پێشووتر.

**منداڵی تا ژنهێنان 1847- 1815**

بسمارک Otto Eduard von Bismarck- Schönhausen سەرکردەی کاریزمایی لە ڕۆژی 1.4.1815 لە Schönhausen، لە نزیک شاری Magdeburg هاتۆتە دنیاوە. ئەو ساڵەی کۆنگرەی ڤییەنای تێدا بەسترا و بڕیار لەسەر سیستەمی نوێی ئەوروپا و ئەڵمانیا پاش سەرکەوتنە مەزنەکەی بەسەر ناپلیون دا لە 1813 بەدەستیان هێنا. بنەماڵەکەی ئەرستۆکراتی نەجیبزادەیی ڕەسەنیaltmärkischen Uradel بوون و پێش بنەماڵەی Hohenzollern لە هەرێمی Mark Brandenburg نیشتەجێ بوون. خزمەتێکی بەرچاو و دیاریان بە تایبەتی بە لە بواری سەربازیدا و بە دەیان و سەدان جەنەڕاڵی گەورە پێشکەشی پاشانشینی پرووسیا کردووە.بسمارک کەسێکی خۆشەویست و هاوڕێ دۆست و بە ئەمەک و خاوەن پرنسیپ بووە. شمشێربازێکی ئازا و سوارچاکێکی لێوەشاوە و سەماکەرێکی لێزان و مەلەوانێکی پشوودرێژ بووە.باوکی Ferdinand von Bismarck و دایکی Louise Wilhelmine خاوەنی 6 منداڵ بوون، نیوەیان دەمرێ و نیوەیان دەمێنن Bernhard 1810, Otto1815 و Malwine1827. منداڵی خۆیان لە دەڤەری Hinterpommern بەسەر بردووە. دواتر دەچن لە Gutkniephof نیشتەجێ دەبن. ئۆتۆ و براکەی لەسەر خواستی دایکی لە بەرلین ـ خانوویەکیان بۆ بەکرێ دەگیرێ و خزمەتکارێکی خەڵکی شۆنهاوزەنەوە سەرپەشتییان بکات ـ دەخرێنە بەرخوێندن ئامادەیی تەواو دەکات .

هەر لەم قۆناغەدا زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بەتەواوی فێر دەبێت. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێ وانە لەسەر دەستی گوتاربێژی ئایینی بەناوبانگ Schleiermacher وەردەگرێ، کە قەشەیەکی هەڵکەوتووە، شانی داوە لە شانی فیشتەی Fichte فەیلەسوف. لێکۆڵەران دەڵێن: « شلایەرماخەر یەکەم مامۆستای بسمارک بووە، بەس ئۆتۆ بیسمارک قوتابییەکی باشی ئەو دەرنەچوو». بەو واتایەی ڕێچکەی ئەوی لە ڕوویی ئاینییەوە نەگرتە بەر. ساڵی 1832 دەچێتە زانکۆ سەرەتا لە شاری هایدلبێرگ/ Heidelberg وەردەگیری. دایکی ڕازی نابێت وا دوور بکەوێتەوە. دواتر دەچێتە زانکۆی شاری گۆتینگەن/ Göttingen. 3 سەمیستەر لێرە دەخوێنێ بۆ باقیەکەی دێتەوە بەرلین.سەردەمی خوێندکاری لە **کۆلیژی یاسا و زانستی دەوڵەت**، ـ ئەگەر چی حەزی لەم خوێندنە نەبووە، دڵی لای خوێندنی **دیبلۆماتیک –** بووە. ژیانی خوێندکاری بسمارک زۆر سەخت و پڕ لە کێشە و ناخۆشییە،بەهۆی ئەوەوەی ژیانێکی بەرەڵایی و سەرسەرییانە دەبردە سەر، بە خواردنەوە و ڕابواردن و شەڕانگێزی و خۆدزینەوە لە بەشداری وانەکانی. تا وای لێ دێت لەسەر خواردنەوە و ڕابواردنەکانی هێندە قەرزار و ناوزڕاو دەبێت، لە هەموو لایەکەوە دەبێتە کەسێکی بێزراو و ناخۆشەویست. هاوکات شمشێربازێکی لێهاتوو، مەلەوانێکی پشوودرێژ و سەماکارێکی لێزان بووە. لەم قۆناغەدا بەس بەشداری دەکات لە لێکچەرەکانی دەربارەی « دیبلۆماتی»، کە ئەو سەردەمە لەلایەن مێژوونووسی دیاری ئەڵمانی Arnold Heeren لەمەڕ سیستەمی ئەوروپا پێشکەش دەکرا. کاتێ لێیشی دەپرسن چ دەخوێنی ،دەڵێ: **دیبلۆماتیک** . دوای تەواوکردنی خوێندن نائارامی و بێزاری باڵ دەکێشێ بەسەر ژیانیدا..

سەرەتا لە بەرلین چەند کارێک بەنیوە ناچڵی دەکات، لێ لە عۆدەیدا نابێت قەرزەکانی بداتەوە. دەست لە کار هەڵدەگرێ و دێتەوە بۆ پۆمەرن. پاشان چەند کارێکی تری حکومەتی لە پۆتسدام دەدۆزێتەوە زوو بەجێیان دێڵێ. لە هیکرا خۆبەخشانە ساڵێ دەچێ بۆ سەربازی. دواتر ساڵی 1838 بڕیار دەدات بە تەواوی واز لە کاری فەرمی بهێنێ و خۆی تەرخانی ژیانی ژیانێکی ئازادی خەریک بوون بە زەویوزار و کشتوکاڵەوە بکات. بۆئەوەی بتوانێ قەرزەکانی بداتەوە. باوکی نزیکەی 550 هێکتار زەوی بەسەر ئۆتۆ و بێرنهاردی برایدا دابەش دەکات. ئیدی دوای ماوەیەکی باش کارکردن نزیکەی 10 ساڵ بەخێرایی و بەهاوکاری براکەی قەرزەکان دەداتەوە و ئارامی بۆ دەگەڕێتەوە. دەبێتە کەسایەتییەکی دیکە. دایکی ساڵی 1839 بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات. لە قۆناغەدا کاتێکی باش بە خوێندنەوە دەباتە سەر و بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی,Uhland ,Jean Paul Schiller Goethe, Strauss ,Spinoza ,Heine, دەخوێنێتەوە. لەژێر کاریگەرێتی هاوڕێی ئەمەریکی سەردەمی زانکۆ John Lothrop Motly زۆر خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبی ئینگلیزی بەتایبەت Shakespeare, Byron دەبێت. تەماشای نەخشەی جیهانی زۆر دەکرد و حەزی لە کۆدەکردنەوەیان بوو. لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:**" هەر کاتێ تەماشای نەخشەم دەکرد و باڵادەستی فەرەنسای بەسەریەوە دەبینم، پەست دەبم".** هاوکات دەست دەکات بە گەشتێکی دووروردرێژ لە ئەوروپادا. دەچێت بۆ سکۆتلەند، ئینگلتەرا، فەرەنسا، سویسرا. لەڕێگای ئاهەنگێکی ژنهێنانی هاوڕێیەکییەوە، تەواوی ژیانی دەگۆڕێ بە ناسینی Johanna von Puttkammer ، کە دواتر دەبێتە هاوسەری ژیانی. لە ڕێگای ئەم ژنەوە کە سەر بە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی هەڵکەوتوو بوون، گەلێ کەسایەتی ناوچەکە دەناسێ و تێکەڵییەکی زۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیدا دەکات. ساڵی 1845 باوکی دەمرێ. واز لە کارەکەی دێنێ و زەویوزارەکان دەدات بەکرێ. لێرەولەوێ چەند کارێک دەکات و زوو وازیان لێ دێنێ.




**ژنهێنان تا چوونە ناو سیاسەت1851 - 1847**

ساڵی1847 بسمارک ژن دێنێ و دێتە سەر شانۆی سیاسەت. ئەم ساڵە دەبێتە سەرەتای دەرکەوتن و هەڵاتنی ئەستێرەی ژیانی بسمارکی لاو . خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ پەرلەمانی دەڤەرەکەی Naugard لای خۆیان، بەئاسانی دەردەچێ و هەر زوو بە هۆی نووسینی ئاگرین و گوتاردانی بەردەوام و لێوشاوەیی و ڕەوانبێژی و بەهرەمەندی لە قسەکردن دا، دێتە پێشەوە و ناوی دەدرەوشێتەوە و دەبێتە جێی سەرنجی دەوروبەرەکە و دواتر نوێنەری لە ئەنجومەنی پرووسیادا. لە وتارەکانی داکۆکی لە( داننان بە دەستووردا، وەستانەوە دژی ئانارشیستەکان،داوای یەکسانی لەبەردەم یاسادا،- بەڵام دژی هەڵوەشاندنەوەی نەجیبزادەکان بوو- هەروەها داوای دابەشکردنی باجی دەکرد بە پێی ئەو سەرمایە و داراییانەی هەیان بوو.

( خاڵێکی زۆر سەیر لە بیر و کەسایەتی بسمارک دا، بریتییە لە عەشق و شەیدایی بۆ هەرێمی پرووسیا، بەڕادەیەک ئامادە بوو هەموو خۆشی ئەڵمانیای پێ بگۆڕێتەوە. باوەڕی قوڵی بە یەکگرتنی ئەڵمانیش هەبووە، دواتر بۆ ئاشتی ئەورووپاش ڕۆڵی گێرا). هەروەها لەسەرەتاکی زوودا قەناعەتێکی لا دروست دەبێ، وەک ساڵی 1849 بۆ ژنەکەی دەنووسێ: **" دۆزی یەکگرتنی ئەڵمان بە هیچ جۆرێک لە ژوور و هۆڵەکانی ئێمەوە بڕیاری لەسەر نادرێ، بەڵکو بە دیبلۆماتی و لە مەیدانی جەنگدا بڕیاری لەسەر دەدرێت".** ڕووداوەکانی شۆڕشی ئاداری 1848 لە بەرلین کاریگەرێتی لەسەر دروست دەکەن. ئەم وێستگەیە دەبێتە مایەی وەرچەرخانێکی نوێی ژیانی. بەخۆی ئەو بیروباوەڕە کۆنزەڤاتیڤە و ئەو ڕابووردووەی تۆماری کرد بوو، دەچێتە ڕیز هەر پێشەوەی دژە شۆڕشگێڕەکان. تەنانەت لەڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشدا،ویستییەتی لەگەڵ جوتیار و خەڵکی گوندەکەی بێن بۆ بەرلین،بۆ پارێزگاریکردن لە پاشای پرووسیا. ئیدی دواتر ململانێکانی ڕۆژگار ئاڕاستەی دیکەی وەردەگرن و بسمارک بە پەرۆشیەوە چاوەڕێ دەکات.

سەرەتا شۆڕشگێڕان کە داوای ئازادی زیاتر و بەشداری لە دەسەڵات و کەمکردنەوە یاخود نەهێشتنی ئیمتیازی نەجیبزادە و ئەرستۆکراتەکان دەکرد و داوای یەکگرتنی ئەڵمانیا یاخود ئەڵمانیای یەکگرتوویان دەکرد، کۆمەڵێ دەستکەوتیان بەدەست هێنا،بەڵام نەیانتوانی شۆڕش لەخوارەوە بۆ سەرەوە سەر بخەن. واتە گەیشتن بە ئەڵمانی یەکگرتوو بهێننە دی. هاوشان بەلابردنی سانسۆر کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆر دەردەکرێن. بسمارک بە گوتاری ئاگرین لە ڕۆنامەی Neue Preußische Zeitung دواتر بووە Kreuzzeitung بەتەواوی ناو دەردەکات. پاشان **ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بۆ نەجیبزادە و ئەرستۆکرات** و **خاوەن موڵکەکان** دادەمەزرێنێ. بەم جۆرە دەکەوێتە هاتووچۆیەکی زۆرەوە لە نێوان شارەکانیSchönhausen ,Berlin ,Potsdam , Brandenburg هەر لەو ڕۆژگارەدا پاشای پرووسیا فریدریش ڤیلهێلمی چوار کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکەیدا دەکات. بسمارک خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر بەهێز بووە. **جگە لەپاشا و خوا کەسی تری لە سەرووی خۆیەوە نەدەبینی.** لە ڕووی بیروباوەڕەوە کەسایەتییەکی کۆنپارێز/ کۆنزەڤاتیڤ بوو. تەنانەت ڕێگری لە کوڕەی دەکرد، کچی ماڵە جووتیار بهێنێت و کوڕێکی تری کچە نەجیبزادەیەکی کاسۆلیکی بهێنی کە بەدوژمنی بیسمارک ناسرابوون. هەمیشە پاشاخواز بووە و تەنانەت لەگەڵ دروشم و داواکانی شۆڕشی 1848 گەلەکەیدا نەبووە. باوەڕی وابووە، ئەوەی هەیە لە پاشانشینی پرووسیا، کە بسمارک زۆر پێی سەرسام بوو، دەبێت بپارێزرێ و پارتێکی کۆنزەڤاتیڤ و سیستەمی پاشایەتی بەباش دەزانی و لای مەبەست بوو. زۆری پێناچێ بەهۆی بیروڕا و هەڵوێستەکانییەوە سەرنجی پاشای پرووسیای دەکەوێتە سەر. کاتێ نەمسا بەسەرۆکایەتی میر Schwarzenbergڕێکەوتنێک بەسەر Otto von Manteuffel ی پرووسیاییەدا دادەسەپێنن،کە ناسراوە بە Olmützer

Punktation ئەم ڕێکەوتنە  لە پرووسیا دەدرێتە بەر نەشتەری ڕەخنە و  بە دۆڕاندن و تێکشکانی بەرامبەر بە نەمسا دادەنێن. ئەنجومەنی نوێنەران  بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر ئەم ڕێکەوتنەی حکومەت کۆدەبێتەوە. لێرەدا بسمارک بە وتارێکی بەپێز بەشداری دەکات. وتارەکەی وەک شاکارێکی ڕەوانبێژی و دیبلۆماتی پڕ لە تاکتیک دەستنیشان کرا. دواتر 20,000 هەزار دانەی لێ چاپکراو و بە وڵاتدا بڵاو کرایەوە. زۆر کەس ئەم وتارە بە بەهێزترین وتاری ژیانی بسمارک دادەنێن.

**وەک دیبلۆماتکارێک بۆ ناو دەسەڵات** 1862 - 1851

ڕۆژنامەی گاڵتەوگەپێ ئەو سەردەمە Kladderadatsch بە بۆنەی دەستنیشانکردنی بسمارکەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەنووسێ:" **بەڕێز بسمارکی ـ شۆنهاوزەن، دەنێردرێ  بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران/ پەرلەمان، گەر هەروا زیرەک بێت، دەتوانێ بێتە ئاغای ماڵی خۆش و ڕازاوە"** شۆنهاوزەن واتە ماڵی خۆش و جوان . ئەمەش ئەو خەونەیە،کە لە ساڵانی لە خوێندنی زانکۆوە خۆی بۆ تەرخان کرد بوو.  کاتێ بسمارک وەک نێردراوی پرووسیا ساڵی 1851 ڕەوانەی دەکەن بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی لە فرانکفۆرت و بۆ ماوەی 8  ساڵ بەوپەڕیی دڵسۆزی و بوێرییەوە لەبواری دیبلۆماسیدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی پرووسیا و پاشاکەی دەکات. هەموو ململانێ و شەڕە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ نەمسای ڕکەبەر و مێملْدا بوو.نەمسا ئەندامێکی گەورە و خاوەنی دەسەڵات و بڕیاری فیدڕاڵی ئەڵمان و پەرلەمان بوو.

 نەمسا دەیویست وەک باڵادەست لەم دەستگایەدا بڕیار بدات و پرووسیا بکاتە پاشکۆی خۆی. بەتایبەت لە مەسەلەی ئابووری و یەکێتی گومرگ و یاسای چاپەمەنی و زۆر شتی تریش دا.بۆ نموونەی نەمسا دەیویست ئەو ڕێکخراوی گومرگەی ئەڵمان دروستی کردووە، بەبێ ئەوان،ئەوانن داوای دروستکردنی یەکێتی گومرگیان پێکەوە. بسمارک لە ناخی چاوچنۆکی و فڕوفێڵەکانی نەمسا باش دەگەیشت،بۆیە ئاستەنگی بۆیان دروست دەکرد. ئەوەبوو ساڵی 1853 گرێبەستیان بۆ ماوەی 12ساڵ لەگەڵدا کردن و نەیانهێشت نەمسا بێتە ئەندام و ئەم دەزگایەش بۆ خۆی قۆرخ بکات. شەڕی نێوان ئەم دوو بەرە بەهێزە، شەڕێکی قورس و گرانی دیبلۆماسی و پڕ لە تاکتیک و فڕوفێڵ بوو، بەڵام بسمارک شکستی پێ دەهێنان.

هەروەها کە شەڕی کریم/ قریم1853-1856 هەڵگیرسا لە نێوان رووسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا، وەک یەکەم شەڕ لە دوای کۆنگرەی ڤییەناوە، ئینگلیز و فەرەنسا چوونە پاڵپشتی تورک، بۆ ڕیگری لە باڵادەستی رووس، نەمساش دەیویست هەمان شت بکات، بسمارک/ پرووسیا بێلایەنی هەڵبژارد. کاتێ لێی دەپرسن:**" تۆ بۆ کێی، هێزە ڕۆژئاواییەکان ، یان بۆ رووسیا؟** لەوەڵامدا دەڵێ**: من بۆ پرووسیام** ". ئەمەش هەڵوێستی نەمسای لەچاو زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارەدا لاواز نیشان دەدا. دواتر ساڵی 1854هاوپەیمانێتییەک لە نێوان پرووسیا و نەمسادا دەبەسترێ بە ناوی هاوپەیمانێتی **بەرگری و خۆپارێزی.** پرووسیا تەماشای ئەم ڕێکەوتنەی  وەک ئامڕازێک بۆ بەهێزکردنی بێلایەنی خۆی دەکرد و نەمسا، بەنێتی بەکارهێنانی تێی دەڕوانی. نەمسا دواتر لەگەڵ هەردوو زلهێزی فەڕەنسی و ئینگلیزیشدا بێ ئاگاداری پرووسیا هاوپەیمانێتی بەست. بسمارک زۆر بەم هەوڵانەی نەمسا نیگەران دەبوو.

ئەم هەوڵە دیبلۆماسییانەی بسمارک لاپەڕەیەکی گەشی ژیانی رۆژانی خەباتی دیبلۆماسی فرانکفۆرت پێک دێنن. لە ڕاستیدا بسمارک لە ناخدا دژە نەمسا نەبوو، بەس کاتێ ململانێی دەسەڵات لە شوێنێکدا سیمای شەڕێکی بێ تەقوتۆقی وەردەگرێت، ئیدی ناچاریت ئامڕازی دیبلۆماسی بخەیتەگەڕ. بسمارک لەم دەرفەت و  ڕێگایەوە وەک دیبلۆماتێکی ساوا دەبێتە، خاوەنی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەند. بسمارک دڵسۆزانە بۆ پاشا و پرووسیا، دوور لەماڵ و منداڵی کاری دەکرد و  لە ساڵێکدا 16  جار زیاتر و هەر جارەی  بە 25 کاتژمێر هاتووچۆی دەکرد لە نێوان فرانکفۆرت و بەرلین دا. ساڵی 1857-58 Friedrich Wilhelm IV تێدا نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ. دوای ئەو ڤیلهێلمی برای دێتەسەر دەسەڵات. ئەمیش کابینەیەکی نوێ دێنێتە پێشەوە و وەزیری دەرەوە A.Schleinstz زۆر خۆشەویستی بسمارک نابێ،هەر زوو دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە بسمارک لە فرانکفۆرت لادەبرێت. ئەوە بوو ساڵی1859 دەنێردرێت بۆ St.Petersburg پایتەختی ڕووسیای تزاری.  نەمسا پێشوەخت زانیاری هەبووە بەم گۆڕینەی بسمارک و پێدەچێ دەستی خۆیشی تێدا بوو بێت، چونکە زۆری پێ خۆش بوو، ڕکەبەرێکی گەورەی وەک بسمارک کە ساڵانێکە پرۆژەکانیان پەک دەخات، لەبەرچاویان ون بێت. بسمارک بەمە نیگەران بوو، لەبەرخاتری پاشا لە زستانێکی سەخت و توشدا دەگاتە شوێنی ناوبراو. لێرە یەکسەر نەخۆش دەکەوێ. پاشان ڕادەبێت بەڕاپەڕاندنی کارەکانی  لەگەڵ قەیسەری تزار و وەزیری دەرەوە. دوای ماوەیەک دێتەوە بەدوای ماڵ و منداڵ دا بیان بات بۆ ڕووسیا، کاتێ دەیەوێ بگەڕێتەوە، پێی دەڵێن: جارێ پەلە مەکە. دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە دەڵێن بسمارک دەبێتە ڕاوێژکاری / کانتسلەری پرووسیا. زۆرێکیش لە بەرپرسە گەورەکان ئەم پێشنیازە بۆ پاشا دەکەن، کەچی پاشا مل نادات و بسمارک بەناچاری و بە نەخۆشی دوای نزیکەی ساڵێ دەگەڕێتەوە پێتەرسبورگ. لەوێ لەگەڵ خێزانەکەی سەرقاڵی کاروبار و خزمەتی ئەو ئەڵمانانە دەکەن کە لە رووسیا دەژیان. لە ناوەندی دیبلۆماسیشدا دەبێتە دەموچاوێکی دیار.

پاش ماوەیەک بۆ پشووی هاوین دێتەوە بەرلین. ساڵی 1861 پاشای پرووسیا بەبۆنەی مردنی براکەیەوە دەبینێ. بانگ دەکرێتەوە. بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی پاشانشینی پرووسیا بەهۆی دەستوور و هەرای نێو هێزەکانەوە شپرزە بوو. بسمارک دەبێتە هۆکاری چارەسەری کێشەکان. دیسان چاوی هیوا دەچێتەوە سەر بسمارک ببێتە ڕاوێژکار، بەڵام ئەمجارەش پاشا ڕەزامەندی دەرنابڕێت. ـ لەڕاستی ژنی پاشا ڕقی لە بسمارک بوو، ببووە ئاستەنگ و پاشاش لە قسەی دەرنەدەچوو. ساڵی 1862 لە رووسیا بانگی دەکەنەوە

بێ ئەوەی هیچی پێ بڵێن و ماوەیەکی باش بسمارک بەبێ ناونیشان ڕادەگرن. ئیدی ئەمیش تووڕە دەبێت، دەڵێ: یان کارێکم بدەنێ یا دەچمەوە ماڵەوە دادەنیشم. دوای 3 کاتژمێر بڕیاری ڕەوانەکردنی بۆ پاریس دەدەن. بەس لە کاتی بەڕێکردنیدا، پاشا پێی دەڵێ: باروبنەی تەواو لە پاریس مەخە، واتە منداڵەکانت مەبە و کەمێک چاوەڕێ بە. بسمارک دەستبەجێ بەرەو پاریس دەکەوێتە ڕێ. لەوێ کۆمەڵێ گەشت دەکات و دەچێ بۆ لەندەن بۆ بینینی پێشانگایەکی جیهانی. تا لە مانگی سێپتەمبەری هەمان ساڵدا،واتە پش چەند مانگێ تەلەگرامێکی پێ دەگات،بەزووترین کات بێتەوە بۆ لای پاشا.

پاش ماوەیەک لە ناوەوە پاشا Wilhelm کێشەیەکی دەستووری گرانی لەگەڵ پەرلەمانەکەیدا هەبوو. بەڕادەیەک پاشا گەیشتە ئەوەی واز لە تەختەکەی بهێنێ. داوای لە کوڕە شازادەکەی تورینگەن/Thüringen ی کردبێتە بەرلین و بێتە جێگرەوەی. ئەویش دێ و دوای دوو ڕۆژ گفتو ڕەتی دەکاتەوە تاجەکە وەرگرێ، بەرلین بەجێ دێڵێ. لەم کاتەدا بسمارک دەگاتە جێ. جا مێژوونووسان و چاودێران دەڵێن: گەر بهاتایە، شازادە بوایەتە پاشانشینی پرووسیا،ڕەنگە مێژووی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی دیکە بچەرخایە!. گەوهەری کێشەکەی پاشا لەگەڵ پەرلەماندا ئەوەبوو، پاشا بە باشی دەزانی لە ڕووی سەربازییەوە خۆیان چەکدار بکەن و دەستی کراوە بێت لە خەرجکردنی پارەی باج دا. پەرلەمان بەمە ڕازی نەبوو.




**بەشی( ٢ - ٣)**

**بەرکوڵێ لە ژیاننامەی *ئۆتۆ ڤۆن بسمارک*، سەرکردەی کاریزمایی یەکگرتنی ئەڵمان...**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/١/١

**لە سەرەک وەزیرانەوە تا ڕاگەیاندنی ئەڵمانیای یەکگرتوو 1871 - 1862**

دوای ئەوەی پاشا چیدی خۆی توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئاڵۆزانەی نابێت، دیدارێکی دوورودرێژ دەکات لەگەڵ بسمارکدا لە پارکی بابلسبێرگ Park von Babelsberg ، متمانەی تەواو بە بسمارکی هەڵکەوتوو پەیدا دەکات و لە22.9.1862 دا بڕیار دەدات بسمارک بهێنێتە ناو کایەیەی دەسەڵاتەوە و دەیکاتە سەرەک وەزیران و وەزیری دەرەوە. ئینجا بسمارک دەستی لە کارەکاندا واڵا دەبێت و پێگەی پرووسیا لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەوروپادا بەتەواوی بەهێز و قایم دەکات . کێشەکانی ناوخۆ کە بە میرات بۆی جێدەهێڵن بە زرنگی خۆی کێشەکەی وا چارەسەر کرد، کەوا ناسراوە بە تیۆری کەلێندار/ Lückentheorie، و دەڵێ: لە دەستوورەکەماندا نەهاتووە و نەنووسراوە و نابێت پەرلەمان و کەس بۆی هەبێت ڕێگریی لە بڕیار و دەسەڵاتی پاشا بکات. ئێستاش ئەوەی کراوە بەسەرچوو، دەوڵەتی لێ خاڵەبەخش بکەن.. بەم جۆرە ئاوێکی دەکات بە ئاگردا. ئیدی پاشا بۆ مەرامەکانی خۆی دەستی دەکرێتەوە و دەکەوێتەوە کارکردن.

**"لە ڕێگای قسەکردن و بڕیاری زۆرینەوە،پرسە گرنگەکانی هەنووکە یەکلایی ناکرێتەوە، ئەوە گەورەترین هەڵەی شۆڕشی 1848&1849 بوو، بەڵکو بەهۆی ئاسن و خوێنەوە".**

بەم هۆیەوە نارەزایی زۆر دەبێت و رۆژنامە لیبەراڵ و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان رەخنەی توند دەگرن. سەرئەنجام بسمارک بەبریاری پەرلەمان بۆ ماوەی4 ساڵ لە کار دەخاتوو. و حیزب و چاپەمەنی قەدەغە و سنووردار و بێدەنگ دەکات. ئەم هەنگاوەش بە مانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ واتە بێدەنگ کردنی نارەزاکان کۆتایی هات. ئینجا رووەو کێشەکانی دەرەوە کەوتە کار. بەتایبەت لەگەڵ ئاوستریا/ نەمسادا، کە دوژمنێکی زەقی پرووسیا بوو. لەراستیدا دەیویست لە رێگای شەرێکەوە بەتەواوەتی چارەسەری کێشەکانی ناوخۆییش بکات و نەیارەکانی بێدەنگ بکات. لەو ساڵانەدا بسمارک زۆرترین هێرشی کرایە سەر و خەڵک رکیان لێی دەبێتەوە. بەڵام ئەو کۆڵ نادات و هەوڵی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات حیزب و لایەنەکان دەبینی و هەوڵی پێکهێنانی سازان دەدات. لەم رووەوە وتەیەکی هەیە دەڵێ:**"کێ دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، بەپێی ئەقڵ و تایبەتمەندی خۆی کاری پێ دەکات،چونکە ژیانی دەوڵەت،تەنانەت بۆ تاکە چرکەیەکیش ناوەستێ".**

لەم کاتەدا نەمسا بە ئاشکرا دەستی دەخستە کاروباری ئەڵمانیاوە و لە کردەوەکانی بسمارک و هەوڵەکانی بۆ خۆبەهێزکردن لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە نیگەران بوو. تا دەهات نەمسا نارەحەتتر دەبوو. خواوراستان لەم کاتەدا پاشای دانیمارک هەوڵی بەستنەوەی ناوچەکانی Schleswig-Holstein دەدات بە دەستووری وڵاتەکەیەوە. ئەم ناوچانە سەرسنوورین و لە رووی مێژوویی و زمانەوە سەر بەئەڵمانیان. دیارە دانیمارک ویستوویەتی بارودۆخی خراپی ئەلمانیا بقۆزێتەوە. پرووسیا و نەمسا بەهەردوو رێک دەکەون شەری دانیمارک بکەن، هێزەکانی پرووسیا لەناکاو لە 18.4.1864 پەلاماری ناوچەکە دەدەن و دانیمارک دەردەپەرێنن. دواتر رێکەوتنی گاشتاین/ Konvention von Gastein 14.8.1865 لە نێوان پرووسیا و نەمسا مۆردەکرێ، بۆ بەرێوەبردنی ناوچەکە: رێکەوتنەکە وابوو، پرووسیا شلێزڤیگ و نەمسا، هۆلشتاین بەرێوە بەرێت. بەڵام سەرکەوتنی پرووسیا زوو هاوکێشەکەی گۆری. دوای دووساڵ ململانێی تەواو لەسەر دابەشکردنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتخوازی و زیادبوونی گرژییەکان تا دەهات پێوەندی نێوانیان لە بەرپاکردنی شەری نزیک دەکردنەوە. ئەم شەرە بە شەری براکوژی نێوان ئەڵمان ناسراوە. نەمسا وەک زلهێزەکانی تر بە شکۆی بسمارک و بەهێزی و سەرکەوتنی پرووسیا دڵخۆش نەبوو. رۆژی7.5.1866 بسمارک پاشای رەوانەی ماڵەوە دەکاتەوە، بە پێ نزیکی دەروازەی براندەنبۆرگ دەیەوێ بگەرێتەوە کۆشک، لەناکاو هەست دەکات یەکێ بەدواوەیەتی، ئاور دەداتەوە، دەبینێ کەسێکF.Coba -Blind پەلاماری دەدات و دوو فیشەکی پێوەدەنێ، بسمارک هەرلەوێودا لێی دێتە دەست و دەیەوێ چەکەکەی لێ بستێنێ،کابرا 3 فیشەکی تریش دەنێ بە بسمارکەوە. بیسمارک کابرا چەک دەکات و پاسەوانەکانی نوێنەرایەتی رووسیا لەو نزیکە دێنە هانایەوە. بسمارک بریندار دەبێت و ئەم کردەوەیە بەدەستی نەمسا دەزانێ.

هەر زوو نەمسا بە نهێنی هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ فەرەنسادا بەست. بسمارک Hannover ,Sachsen ,Kurhessen ی رزگار کرد. ئەوەبوو لە شەرێکی گەورەدا بە هەڵمەتێکی شێرانە بە سەرکردایەتی جەنەراڵ مۆلتکە/Moltke ـ ئەم جەنەراڵە ماوەیەکیش راهێنانی بە جەنەراڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردووە و رۆڵێکی نێگەتیڤی لەدامرکاندنەوەی راپەرینەکانی کورددا گێراوە ـ نەمسای Königgrätz تێک شکاند و پەند و وانەیەکی جەرگبری دا بە بنەماڵەی هابسبۆرگ. سەرەتا رێکەوتننامەی نیکۆلسبۆرگەر Nikolsburger دواتر پراگ، Prag 23.8.1866 کرا، کە لێرەدا زۆر شت بەسەر نەمسادا سەپێندرا.

لەسەر داوای پاشا بەرەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران دیارییەکی گەورەی 400,000 درا بە بسمارک، ئەویش کۆشکێکی گەورە بە7 گوندەوە بە تێکرا 5500 هێکتار زەوی بو لە Varzin بۆ ئەوەی تێیدا بحەسێتەوە. رۆژی 20.9.1866 بەخۆشی و شادی و ئاهەنگی سەرکەوتنەوە بە نێو دەروازەیBrandenburger Tor براندەنبۆرگەر تۆردا رۆیشتن پێش کەژاوەکەی پاشا 3 سوارچاکەکە، Moltke ,Roon ,Bismarck لە بەرگی جەنەراڵیدا کە پاشا دوای سەرکەوتن لە شەری Königgrätz پێی بەخشین.

پرووسیا تەواوی جوگرافیای باکووری ئەڵمانیای هێنایە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە و چارەنووسی دەوڵەتۆکە و میرنشینەکانی باکووری Hannover ,Kurhessen ,Nassau ,Schleswig -Holstein بە شاری ئازادی Frankfurt وە گرتە دەست خۆی. کە پرووسیا شەرەکەی بردەوە. بەم هۆیەوە یەکێتی ئەڵمانی/ دۆیچە بوند Deutscher Bund کە لە 39 دەوڵەتۆکە پاش کۆنگرەی ڤییەنا پێکهاتبوو، هەڵوەشایەوە. لە جێگای ئەوە بسمارک کۆنفیدراڵی ئەڵمانی باکووریNorddeutsche Bund لە نێوان25 پاشانشین و میرنشینی گەورە و بچووکدا پێک هێنا،واتە ئەم یەکێتییە پێکهات، بە تایبەت لە نێوان دەوڵەتۆکەکانی باکووری رووباری راین بە سەرۆکایەتی پاشانشینی پرووسیا.

لە باشووریش چەند دەوڵەتۆکەیەک مابوون، زیاتر لەژێر کاریگەرێتی نەمسادا بوون. بسمارک هەر بەدوای دەرفەتی گونجاودا دەگەرا،ئەوانیش بخاتە سەر حوکمرانییەکەی. بۆیەکا ئەم دەستکەوتە مەزنەی تەریککردنی نەمسا لە دەستێوەردانی سیاسەتی ناوخۆیدا، هەر نەبووە جێی هەموو ئاوات و خەونی بسمارک. بەتایبەت کاتێک کە دەوڵەتۆکەکانی باشوور ملیان بۆ یەکگرتن نەدەدا و لێی بە گومان بوون و نوقمی خەمی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو. بەهێزبوونی ئەڵمان و سەرکەوتنی بسمارک مایەی نیگەرانی و سەرنج لای زلهێزەکانی فەرەنسا و رووسیا و ئینگلتەرا. هەموو چاویان بریبووە سەر بەرەوپێشچوونەکانی ئەڵمانیا بەسەرکردایەت. بسمارک لەلایەک گوێی بە نیگەرانییەکانی هیچ لایەک نەدەدا و هەر بەردەوام بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشا کە باوەری پێی بوو، ئەویش

یەکگرتنی ئەڵمان بە سەرکردایەتی پرووسیا بوو. لەلایەکی ترەوە، هەوڵی ڕاگرتنی باڵانسی پەیوەندییەکانی دەدات. واتە بە دوو تاکتیکی سەربازی و دیپلۆماسی کاری دەکرد.

بسمارک جارێکی تر بە قورسی نەخۆش دەکەوێتەوە. کێشەکانی ناوخۆ درێژە دەکێشن و بسمارکیش لەخەمی ئەوەدایە زلهێزەکان بەتایبەت فەرەنسا لێی گەڕێن، کێشەی بۆ دروست نەکەن و گەلەکۆمەکێی لێ نەکەن. حکومەتەکەی بسمارک بە کۆمەڵێ گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ناوخۆداهەڵدەستێ. فەرەنسا وەک دەوڵەت و دەسەڵاتێکی هاوسنووری ئەڵمانیا زۆر زیاتر لە دڵەڕاوکێی سەرکەوتنەکانی بسمارکدا بوو، کەوتە گەڕ کردن و بیانوو دۆزینەوە بۆ کێشانی سنوورێک بۆ بسمارک. دەویست باڵادەستی خۆی بەسەر لاچەپی ڕووباری راین دا لەدەست نەدا، بەتایبەت بە ڕووی لوکسەمبۆرگ و بەلژیکادا. سەرەتا بسمارک سووکە ڕەزامەندییەکی بەرامبەر بە فەرەنسا نیشان دا، تا خۆی کۆ بکاتەوە. هاوشانی ئەوە توانی سەرکەوتنێکی گەورەی تر بەدەست بهێنی بە مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی " **هاوپەیمانێتی بەرگری** و **خۆپارێزی**" لەگەڵ دەوڵەتۆکەکانی باشووردا (Bayern -Hessen, Baden, Württemberg, Darmstadt) ئەم ڕێکەوتنە سەربازییە پێگەی بسمارکی تەواو بەهێز کرد.

ئینجا بسمارک ئاڕاستەی سیاسەتی بەڕووی کێشەکانی ناوخۆدا وەرگێڕا و هەوڵی ئاسایی کردنەوەی باروردۆخی بەتایبەت کێشەی دەستوور کە گەورەترین هەرای لەسەر ساز بوو. بسمارک توانی تەواوی دۆخەکە ببەستێتەوە بەهەلومەرجی شەڕەوە و داوای کرد بۆ باروخی وڵات یەکگرتوو بن.

ناوەراستی مانگی 8/1866 بیسمارک لەگەڵ دەوڵەتۆکەکانی باکووردا، ئەوانەی نەچووبوونە پاڵ نەمسا لە شەڕی دژ بە پرووسیادا، هاوپەیمانێتی بەستPutbuser Diktat. دواتر Sachsen, Hessen هاتنە ناوییەوە بوون بە 22 ئەندام. لە کلێسای Paulkirche ،بارەگای ئەنجومەنی نەتەوایەتی شاری فرانکفۆرت کۆبوونەوەیەک لە 12.2.1867 دا کرا و هەر لێرەوە کۆنفیدراڵی ئەڵمانی باکوور Norddeutsche Bund بە فەرمی کەوتە گەڕ و لە هەڵبژاردنەکاندا لیبەراڵەکان زۆرینەی دەنگیان بەدەستهێنا. بسمارک وتارێکی بەناوبانگی12.3.1867 دا. " **ئەگەر وای دابنێنین ئەڵمان دەخەینە سەر سکەکە وا دەتوانین سواربین و لێیخوڕین"**. 1.7.1867 دەستوور بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بسمارک ناوی بوو بە ڕاوێژکاری فیدراڵی / Bundeskanzler . پاش ماوەیەک نەخۆش دەکەوێتەوە، بەهۆی سەرقاڵی و ماندووبوونی بە کاروباری : پاشا، وەزیر و فەرمانبەرەکانی حکومەت،پەرلەمان و ئەو 22 دەوڵەتۆکە نوێیە و سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ زلهێزەکاندا، پشووی لێ دەبڕێ. کۆمەڵێ گۆڕانکاری گرنگ لە سیاسەتی ناوخۆدا ڕوودەدات، دیارترینیان ڕێکخراوی گومرگ بەفەرمی دەبێتە هی دەوڵەتی فیدراڵی و نوێنەری باکوور و نوێنەری باشوور کاری تێدا دەکەن.

باکوور و باشوور لەڕووی سیاسییەوە تەنیا ڕێکەوتننامەیەکی سەربازی پێکەوەی دەبەستنەوە. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەبوو لەکاتێکدا هەر لایەکیان تووشی هەڕەشە و شەڕی دەرەکی بێتەوە، لایەنەکەی تر پشتیوانی لێ بکات. بسمارک ئەم چرکەساتەی بۆ ستراتیژەکەی خۆی قۆستەوە و کەوتە بیری نەخشەکێشانی شەڕێک دژ بە فەرەنسا، کە دەمێک بوو لێیان داخ لەدڵ بوو.:" **مرۆڤ نابێ شەڕ هەڵگیرسێنێ، ئەگەر بێت و بتوانێ مەردانە خۆی لێ لادات. هەل و چانسی سەرکەوتنێکی هەرزان و گونجاو، نابنە هۆکارێک، بۆ دەسپێکردنی شەڕێکی گەورە ".**

تەقینەوەی شەڕی نێوان ئەڵمانیا و فەڕەسا لەوێوە دەستی پێکرد، کاتێ ساڵی1870 ئیسپانیا داوایان لە بنەماڵەی هۆهەنزۆلەرن Leopold von Hohenzollern-Sigmaringen کرد شازادەیەک بکەنە پاشای ئیسپانیا بەهۆی ئەو قەیرانەوەی ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە، کە پێش دوو ساڵ پێشتر شاژن Isabella تێدا ڕووخا بوو. لیوپۆلد کاسولیکی بوو، خوشکی پاشای پورتوگال خێزانی بوو،باپیرە گەورە و دایەگەورەیان خزمە ناپلیۆن بوون. بسمارک ئامۆژگاری بنەماڵەی هۆهەنزۆلەرنی کرد پێشنیازەکە قبوڵ بکەن. ڕێکەوتنەکە بە نهێنی ڕاگیرا. دواتر پاریس پێی زانی بوو. ئەوی ڕاستی بێت مێژوونووسان تا ئێستا نازانن بۆ بسمارک پشتیوانی دەکرد لە بنەماڵەی هۆهەنزۆلەرن بۆ گرتنەدەستی پاشایەتی!. فەرەنسا بەزمانی توند ئاگاداری پاشای پرووسیا دەکاتەوە،کە کاری وا نەکەن و بە فەرمیش داوای لێ بووردن بکەن. پاشا بەزمانێکی نەرم ئاگاداری ناپلیۆن دەکاتەوە،کەوا کاندیدەکە دەگێڕنە دواوە، بەڵام میدیا و سیاسەتی فەرەنسی بەردەوام بوون لەسەر هێرش کردنە سەر پاشای پرووسیا. لە دیدارێکی نێوان پاشا ڤیلهێلم و نوێنەری فەرەنسا Benedetti کە ناسراوە بە Emser Depesche ،فەرەنسا چاوەڕێی داوای لێبووردن بە گەرەنتییەوە دەکات. بسمارک بەم کەینبەینە دەزانێ و دێ خۆی ڕێکەوتنەکە دادەڕێژێتەوە و لە کۆتاییەکەیدا چەند ڕستەیەکی توند دەنووسێ و بە جۆرێک نە شاختەکاری لە دەقەکەیدا دەکات و نە هەڕەشەی شەرکردنیش دەکات و بڵاوی دەکاتەوە.فەرەنسا بەم ڕەفتارە نارەحەت دەبن و پێیان وایە شکۆیان بریندار کراوە،شەڕ ڕادەگەیەنن. لە نزیک ناوچەی Sedan شەڕێکی سەخت ڕوودەدات و ناپلیۆن دەشکێ و نزیکەی 150,000 سەربازی فەرەنسی و خودی ناپلیۆنی شێیەمیش بەدیل دەکەونە دەست ئەڵمانەوە. هەڵبەت جێی ئاماژە پێدانە، کاتێ شەڕ هەڵگیرسا دەوڵەتۆکەکانی باشوور بە پێی ڕێکەوتننامەکە هاتنە هانای باکوورەوە بە پێی ڕێکەوتنێکی پێشوەختی نێوان بسمارک و دەوڵەتۆکەکانی باشوور بەناوی ڕێکەوتننامەی "**بەرگری و خۆپارێزی**" .

له 18.1.1871دا لەیەک کاتدا سەرکەوتن بەسەر فەرەنسا و دامەزراندنی دەسەڵاتی قەیسەری ئەڵمان لە هۆڵی ئاوێنەبەندی ڤێرسایەوە ڕاگەیەندرا. پاشا Kaiser Wilhelm کرایە قەیسەری ڕایشەکە و بسمارکیش بە ڕاوێژکار/ کانتسلەر.فەرەنسا دەبوو قەرەبووی زیانەکان بکات و ناوچەی Elsaß و بەشێکیLothringen بداتەوە بە ئەڵمانیا. دوای ئەمە پرسی یەکگرتنی دەوڵەتۆکەکانی باکوور و باشوور گەرمتر بوو،بسمارک هەرچی شێوازی گونجاو نەرم هەیە پەسەندی کرد، بۆ ڕازیکردنیان لە ئیمتیازاتی تایبەتی بۆ هەرێمەکەیان تا بەخشینی خەڵاتی گەورەی گرانبەها بە پاشا و میرەکانیان، وەک ئەوەی لەگەڵ پاشای بایەردا Ludwig II کردی،بە کڕینی کۆشکێک بۆی بە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر. دواجار لە مانگی نۆڤەمبەر،کە ڕێکەوتننامەشی  پێ ناسراوە هەردوو بەرە ڕێک دەکەون. باشوورییەکان دێنە ناو کۆنفدراڵی ئەڵمانی باکوور.دواتر بەدەستکارییەکی کەمەوە، دەستووری باکوور دەگۆڕن بە هی ڕایشی ئەڵمانیا. ئینجا بسمارک دەڵێ: یەکێتی ئەڵمانمان ئەنجام دا،هەروەها قەیسەرەکەشی.

قەیسەرا Wilhelm I بسمارک دەکاتە یەکێ لە خاوەن موڵک و زەوییە گەورەکانی ئەڵمانیا.  Schwarzenbeck لە میرنشینی Lauenburg ی پێدەبەخشێ کە بریتییە لە 25,000 دارستان و 2000 هەزار زەوی کشتوکاڵ واتە نزیکەی 12,000 مەتر چوارگۆشە،لە Friedrichsruh  لە Sachsenwald.

**لە ڕاوێژکاری ئەڵمانیاوە تا وازهێنانی 1890 – 1871**

دوای1871 یاسای دراو، دروستکردنی بانکی ڕایش،یاسای چاپەمەنی ڕایش، بەڕێوەبەرایەتی ڕایش، یاسای دادوەری و دامەزراندنی دادگای ڕایش لە بەهی یاسای دراوەوە 7جۆر دراوی جیاواز هەمبوون نەمان 33 بانکی ناوەندی دراو هەبوو  هەمووی بوو بە مارکMark تا ساڵی 1878هەموو جۆرە پارەکانی تر لەلایەن بانکەوە کێشرانەوە،  پچڕانی پەیوەندی1882-1872 لەگەڵ کڵێسادا دوای مردنی پاپا1878 PiusIX  کۆتایی هات و بەرەو باشتر چوو،79-1878.

کۆنگرەی بەرلین 13.6.1878 بەسەرۆکایەتی بیسمارک دەبەسترێ،لەنێوان پیاوەکانی دەوڵەت و زلهێزەکانی ئەڵمانیا، نەمسا ـ هەنگاریا، فەرەنسا، شانشینی یەکگرتوو، ئیتالیا، ڕووسیا، بەهۆی کێشە و ئاڵۆزییەکانی بالکانەوە. هەوڵ دەدرا ئەم لایەنانە ڕێک بکەون. بسمارک کۆنگرەی دەبرد بەڕێوە. لێرەدا زۆر ستایشی بسمارک و چۆنییەتی بەڕێوەبردن و قسەکردنی لەم کۆنگرەیەدا دەکرێ، دەیکێ دەڵێ:**" بەڕاستی دەڵاڵێکی ڕاستەقینەی سەر ڕاست بوو، کە دەیویست ڕێکەوتنەکە بە ئەنجام بگەیەنێ".**

سەرەتا بسمارک خەریکی **سیاسەتی دەرەوە** بوو، کە ناسراوە بە تێربوون/ Saturiertheit واتە دەستبەرداربوونی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، بۆ دەوڵەتەکانی دی، کە ئینگکیز و فەرەنسا پێڕەویان دەکرد. لەم ڕووەوە دەڵێ: «**نەخشەی ئەفەریقای من وا لە ئەوروپا**.« بسمارک بلیمەت بوو، دەیزانی گەر تەواوی هێزەکانی ئینگلیز و فەرەنسا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان ، بەهێز دەبنەوە و پەلاماری ئەڵمانیا دەدەنەوە و ڕێگریی لە خەون و ئاواتەکانی دەکەن. بۆیەکا ئاقڵانە کەوتە بەستنی زنجیرەیەک هاوپەیمانی جۆراوجۆر بۆ قایمکردنی جێ پێی ئەڵمانیا لە ناوەندی ئەوروپادا. ئەڵمان زیاتر کێشەی لەگەڵ فەرنسادا بوو.. هاوپەیمانی بسمارک لەگەڵ ڕووسیا، نەمسا و هەنگاریا، بەریتانیا مەزن دا پێکهێنا.هەڵبەت بسمارک پیاوێکی پاسیف نەبوو خۆی لەشەڕ لابدات یان بدزێتەوە، بەڵکو واقعی بوو، دەیویست ئەوەی بەدەستی هێناوە بیپارێزێ و دۆستی بۆ پەیدا بکات. **" ئێمە پارێزگاری لە ئاشتی دەکەین، لەو ڕێگایەوە کە خۆمان وا نیشاندان دەدەین کەوا ئامادەی شەڕین".**

باوەڕ و بۆچوونێکی بەربڵاو لای مێژوونووس و نووسەرانی ئەڵمان هەیە،بسمارک لە سیاسەتی دەرەوەدا سەرکەوتوو بووە،لێ لە ناوەوە نەیتوانیوە، تەواو سەرکەوتوو بێت. پێم وایە ئەمە ناهەقییە بەرامبەر بەم سەرکردەیە. ڕێکخستن و یەکگرتنی ئەڵمانیایەکی بێ سەروبەر و پارچەپارچە و ناوچە پەرست و میر و پاشا پەرست،هەر بەو کراوە و ئەو توانییەتی بیکات. ڕەنگە بەچەمکی مۆدێرنەی دیموکراسی و چەپایەتی و لیبەڕالیتێت،ڕووکەشانە حوکمی دڵڕەقانە لەسەر بسمارکی پێش150 – 100 بەر لە ئێستا ئاسان بێت. بەڵام واقیعی تاڵی ئەڵمان و هەڵکەوتی جیوسیاسی وڵاتەکەیان زۆری دانیشتوانەکەیی و زۆر هۆکاری تر هۆکارێک بن، کە هەمیشە چاوی زلهێز و دراوسێکانی ئەڵمان لەسەر ئەڵمانیا بووە و حەزیان نەکردووە بەهێز و خاوەن ڕۆڵ بێت. ئەمەش هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوو بێت بۆ بسمارک،کە بەهەر نرخێک بێت مەبەستی بووە دۆزی نەتەوەکەی بگەیەنێتە دوا هەواری مسۆگەری زامنی. بۆیەکا گوێ بە چ دروشم و ئایدۆلۆژیا و جیهانبینییەک نەداوە. دەڵێن هیچ پیاوی دەوڵەتێک هێندەی بسمارک لە قسەکردندا ناوی خودای نەهێناوە. تەنانەت خۆی بەسەربازی خودا زانیوە. لەکاتێکدا بە هەموو قەناعەتێک هەوڵی دا ئایین و دەوڵەت لێک جودا بکاتەوە. **"ئێمەی ئەڵمان لە خوا دەترسین،بەڵام نەک لە جیهان. هەروەها لە خوا ترسانمان خۆشە، کە وامان لێ دەکات،ئاشتیمان خۆش بوێت و خەمی بخۆین".**

**سیاسەتی بنەڕەتی بسمارک لەسەر ئاستی ناوخۆ لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵچنرابوو**:

{{+ هێشتنەوە و پاراستنی پاشانشینی پرووسیا.+ بەرفراوانکردنی هیگۆمۆنی پرووسیا لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و کردنی ئەڵمان بە زلهێزێکی ئەوروپایی.+ پرنسیپی ئاسانی، یاخود سیاسەتی دەست کراوەیی،بسمارک بۆ هەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانی وابەستەی هیچ

سیاسەت و ئایدۆلۆژییەک نەبوو.ئەو پرسەی گرێ دەدات بە بارودۆخەوە.+ گەورەکردنی کێشە و هەراکان و خۆلقاندنی دوژمنانی ڕایش.+ کارکردن لەنێو ئکابینەی ئەنجومەنی وەزیران دیبلۆماسی نهێنی دا.+ بەکارهێنانی « شەڕ وەک ئامرازێکی سیاسی.« + سیاسەتی خۆیی و دەستکرانەوە}}.

**سیستەم و کرۆنۆلۆژیای هاوپەیمانێتی بسمارک:**

{{ لە 1873: ڕێکەوتن لەسەر ئاستی هەر سێ پاشانشینییەکەی« ئەڵمان و ڕووس و نەمسا+ هەنگاریا.لە 1878: کۆنگرەی بەرلین: بیسمارک دەبوو سیاسەتی زەمینی لە بالکان ڕوون بکاتەوە. ڕۆڵی دەلالێکی دەگێرا لە نێو زلهێزەکاندا.لە 1879: یەکێتی دوو قۆڵی لەگەڵ نەمسا+ هەنگاریا، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هێرشی ڕووسیا.لە 1881+یەکێتی سێ قۆڵی نێوان سێ قەیسەرەکە و نوێکردنەوەی پەیمانەکەی 1873.لە 1882+یەکێتی سێ قۆڵی، یەکێتی سەربازی نێوان ئەڵمان، ئیتالیا، نەمسا+ هەنگاریا.لە 1887+ هاوپەیمانی زامنکردنی پشتەوە، لە نێوان ئەڵمان و ڕووس دا، بۆ ڕێگری هاوپەیمانێتی لە نێوان ڕووس و فەرەنسادا.لە 1887+ ڕێکەوتنی دەریای ناوەڕاست، لە نێوان بەریتانیای مەزن و نەمسا+ هەنگاریا، ئیتالیا، بۆ وەتاق خستنەوەی فەرەنسا. سیاسەتی دەرەکی+ دەستبەرداربوون یاخود خۆ نەدان لە تخووبی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم و خۆ تەرخانکردن بۆ جێی خۆ قایمکردن لەسەر ئاستی ئەورووپا.+ زامنکردنی ئارامی بۆ ئەڵمان و بەشداریکردنی هاوپەیمانییە گرنگەکانی ئەورووپا+ بەشداری لە سەقامگیریکردنی هاوسەنگی دەسەڵاتی ئەورووپادا.دوور خستنەوەی شەڕەکان بۆ بالکان و ئەو دیو سنووری دەریا.+ پشتیوانی ئەو شەڕ و کێشە و هەرایانەی کە ئەڵمان وەک لایەنێک و ناوبژیوانێک بەشدارییان تێدا دەکرد، تا کاریگەرێتی و لەسەر سیاسەتی ئەورووپا پەیدا بکات.+ دابراندنی فەرەنسا بە هەموو شێوەیەک }}. لەناوەوەش لەگەڵ لایەنەکاندا کەوتە پێرەوکردنی سیاستی جۆلانەئاسا و هەر جارەی لەگەڵ بەرەیەکدا پێک دەهات. هەموو هەوڵی پەکخستن و دوورخستنەوەی ناحەزەکانی بوو، لە چوارچێوەی سیاسەتێکدا بە شەڕی کولتوورKulturkampf ناسراوە دژ بە:

لەگەڵ **پارتی کاسۆلیکی**{{ + لابردنی بەشی کاسۆلیکی لە وەزارەتی کولتووری پرووسیا. + پیاو ئاینییەکان بۆیان نەبوو خۆیان لەکاروباری سیاسی دەوڵەت هەڵقورتێنن.+ سەربەستی دەوڵەتی بۆ خوێندن جێی هی کڵێسای گرتەوە. + پێویست بوو پیاوە ئائینییەکان تاقیکردنەوەی کولتووری دەوڵەتی بدەن. + سنووردارکردنی هەڵبژاردنی کڵێسا. لەگەڵ **سۆسیالستەکاندا**-: + قەدەغەردنی ڕێکخراوە سۆسیالیستی و سۆسیال دیموکراتەکان. گرتن و ڕاوەدوونانی کەسانێک کە جێی مەترسی بوون. + بە هەموو شێوەیەک دەیویست کڵێسا و دەوڵەت واتە ئایین و سیاسەت لێک جوودا بکاتەوە}}. پێویستە ئاماژش بەوە بکەین ساڵی1874کرێکارێکی کاسۆلیکی پەلاماری بسمارکی دا،سەلامەت لێی دەرچوو، لێ ڕکی ئەستوورتر بوو.

**بەشی( ٣ - ٣)**

**بەرکوڵێ لە ژیاننامەی *ئۆتۆ ڤۆن بسمارک*، سەرکردەی کاریزمایی یەکگرتنی ئەڵمان...**

**هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/١/١**

**دوژمنە سەرسەختەکانی ئەو ڕۆژەی بسمارک بریتی بوون لە :**

1- پارتی ناوەندی کاسۆلیکی..بسمارک لەمانە زۆر دەترسا و نەیدەویست هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تردا بکەن و کێشە بۆ ئامانجەکانی قووت بکەنەوە. باشتر بڵێم لە ڕێگای کڵێساوە و ڤاتیکانەوە فەرمان وەرگرن و خۆیان بەهێز بکەن و بۆی ببنە مێمڵێکی سەرسەختی سیاسی. شەڕە کولتوورییەکەی بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاین/ کڵێسا بوو لە سیاسەت/ دەوڵەت. بۆ ئەمەش یاسای جۆراوجۆری دەرکرد دژ بە کاسۆلیکەکان. بەڵام لەئاکام نەیتوانی ڕێگریی تەواو لەمانە بکات. ئەوە بوو لە هەڵبژاردنەکانی 1878 دا پارتی ناوبراو بووە دووەم هێزی پەرلەمان و بیسمارک ناچار بوو ددانیان پێدا بنێ و کاریان لەتەکدا بکات. بەرادەیەک هەر بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنێ لەسەر دەستی ڤاتیکاندا بەدەست دەهات، بسمارک بەرامبەر بەمانە ناچار دەبوو بڕیار و سیاسەتەکانی شل بکات.

ئیدی ئەم دوو بەرە هێندە لەیەک نزیک بوونەوە بوونە هاوپەیمان و بسمارکیش پێویستی بە لایەنێک هەبوو شەڕی لایەنەکانی تری پێ بکات. بسمارک وردە وردە دەستبەرداری لیبەراڵەکان بوو، کە هاوپەیمانی کۆنی بوون.

2 - دەیویست دژی مێمڵە گەورەکە ، سۆشیال دیموکراتەکان شتێ بکات. ئەمانە تا دەهات بەدەسەڵاتر دەبوون و خورتتر دەبوون. پارتی سۆسیالیستی کرێکارانSAP، گۆڕا بە بە پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا .SPD بسمارک ئەمانیشی بە هەرەشە دەزانی...لەو

ماوەیە دوو ڕووداوی سەیر دروست بوون، دوو جار هەوڵی کوشتنی پاشا ڤیلهێلم درا. بسمارک سۆسیال دیموکراتەکانی پێ تاوانبار کرد. بۆیە بە توندی ڕووبەڕوویان بۆوە و یاسا و بڕیاری دژ بەکارهێنان. کۆمەڵێ کرێکار و هێزی کاری تر هەر لە بسمارک نزیک بوون و باوەڕیان بە کاریزمایییەکەی هەبوو. بیسمارک لەژێر گوشاردا و بۆ ئەمانە کۆمەڵێ یاسای لە پێناوی بەرژەوەندییاندا دەرکرد کە ناسراوە بە « یاسا سۆسیالیستییەکان.« Sozialistischer Gesetze- ڕێگری لە کۆڕ و کۆبوونەکانیان و سانسۆر خستنە سەر بڵاوکراوەکانیانSchutzzölle einführen. . لە دواجاردا ئەم پارتە ناچار بوو،ڕێگای خەباتی نهێنی بگرێتەبەر. پاشان لە فۆڕمی دیکەدا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی جۆراوجۆردا خۆیان ڕێکخست لەوانە، Turnvereinو لەم ڕێگایانەوە درێژە بە چالاکی و خەبات بدەن...لەڕاستیدا بەم شێوازەش هێشتا تەواو ئازاد نەبوون، چاودێری چڕیان بەسەرەوە بوو. وەک هەقیقەتێکیش تا دەهات جەماوەر لەدەوری سۆشیال دیموکرات خڕ دەبوونەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوون . بیسمارک ناچار بوو، کۆمەڵێ بڕیار بە سوودی ئەم بزاڤە دەر بکات: بیمەی تەندروست، Krankenversicherung 1883 سێ یەکی خاوەن کار دەیدا و سێ دووی کارمەند دەیدا. هەروەهاUnfallversicherung 1883بیمەی بریندار و نەخۆشکەوتن لەسەر کار خەرجی تێچووی خاوەن کار لە ئەستۆی دەگرت. 1889 Invaliden und Rente Versicherung. بیمەی سەقەتبوونی کرێکار و کارمەند یان هەر کەسێکی تر کە ڕووداوی بەسەردا دەهات و بیمەی خانەنشینی هەر لایەک نیوەی دەدات.

ئەم جۆرە بیمانە بە گەورەترین دەستکەوت دێنە هەژماردن. ئەوکات لە تەواوی جیهاندا نەبوون و ئێستاش نیوەی دنیا خاوەنی نییە. دەتوانم بڵێم لە وڵاتە سۆشیالیستەکانیشدا دەستکەوتی وا گرنگ بەرچاو نەدەکەوت. هەر ئەمەشە کە سیستەمی ئەڵمانی لە زۆرینەی سیستەمەکانی جیهان جودا دەکاتەوە. ئەم دەستکەوتانە لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستاش لە ئەڵماندا بەرقەرارن و مایەی خۆشحاڵی و جێی شانازین، کە جێ پەنجەی بسمارکیان پێوە دیارە. بیمەی نەخۆشی و ڕووداو و بەسەرهات لە ساڵیدواتر دابینکردنی خانەنشینی.

بسمارک هێند بە ئەزموونی تایبەتی ئەڵمان قەناعەتی هەبوو،دەڵێ: **ئێمە دوای نموونە و تاقیکردنەوەی بێگانە ناکەوین،بەڵکو ئێمە دوای کاسبکار و بازرگانانی خۆمان دەکەوین بە پشتیوانی خۆمانەوە. ئەمەش پرنسیپەکەیە".**

لە 1888 لەناکاو کایزەر ڤیلهێلم دەمرێ. دوای ئەو کایزەر ڤیلهێلمی دوو Kaiser Wilhelm II دێتە سەر حوکم. ئەم لەکار و سیاسەتدا تەواو پێچەوانەی پاشای پێشوو بوو. ڤیلهێلمی دووەم زۆر لە هەژار و کرێکاران نزیک بوو، بەڕادەیەک خۆی بە کایزەری ئەوان زانیوە.. بەم ئەقڵێتەوە پێکەوە کاریان بۆ ناکرێ ، دەرئەنجام کایزەر بیسمارک لە 1890 دا ناچاری دەست لەکار کێشانەوە دەکات...دوای وازهێنانی خەڵکێکی زۆر بەردەوام هاتوچۆیان دەکرد و هەر وەک سەرکردەی لێهاتوو تەماشایان دەکرد.بسمارک بۆ خۆی کۆمەڵێ نەخۆشی سەختی هەبوو، تا دەشهات لێی پیس دەکرد و دۆخی بەرەو خراپی دەچوو. تا لەساڵی 1898 بە هۆی نەخۆشییەکانییەوە گیان لەدەست دەدات.

وەک نووسەرێک دەڵێ: زۆر بە ئاسانی دەست لە پێگە و گرنگی بسمارک هەڵگیرا و دوور خرایەوە.هاوکات دەیانویست وای نیشان بدەن خۆی بەهۆی باری تەندروستی خراپییەوە دوور کەوتۆتەوە. بەکورتی لەدەرەوە و ناوەوەی ئەڵمانیا دوورخستنەوەکەی بسمارک مشتومڕی نایەوە. لەتەک ئەو ڕەفتارە خراپەی قەیسەر لەتەک بسمارکدا،بەڵام بسمارک خواحافیزی لێ دەکات.کاتێ ڕۆژی 10.4.1890خۆی ماڵ و منداڵی بەرەوFriedrichsruh دەکەونە ڕێ و دوا 8 ساڵی تەمەنی تێدا بەسەر برد، بە هەزاران هەزار کەسی ئاسایی و فەرمانبەری پلە بەرز بۆ خواحافیزیی لێکردنی دێنە وێستگەی شەمەندەفەری سەرەکی بەرلین. نووسەر Baronin Spitzemberg دەڵێ:**" هەموو بەرلین وا لە پشت نیشانەی بسمارکەوە، ڕۆژنامەکان هەر باس باسی بسمارکیانە، لە هەموو پەنجە و جامخانەی کۆگاکاندا وێنەی بسمارک هەڵواسراوە و کراوەتە مەدالیا".** چەندەهات دەزگای ڕاگەیاندن هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە و داوای چاوپێکەوتنی لەتەکدا دەکەن. ئەو بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕێک دەکەوێ قسەیان بۆ بکات. ساڵێ لەسەر داخوازی زۆری لیبەڕاڵەناسیۆنالەکانی دەڤەرەکەی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەناوچەی باکووری هانۆڤەر کاندید دەکات. زۆرترین دەنگ دێنێ دەیتوانی بێتە نوێنەر لە رایشتاخ و درێژە بەکاروانی سیاسی خۆی بدات،بەڵام دواجار نەچوو. بیرەوەرییەکانی بسمارک"Gedanken und Erinnerung هاوکات وەک وەسێتنامەیەک وایە،دوای مردنی خۆی دەرچوو بە سێ بەند دوا بەندی لەسەر قەیسەر ڤیلهێلم بوو، ڕاگیرا تا ساڵی1921 چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە هێندە گرنگ و خۆشەویستی نێو کایەی مێژوونووسان و لێکۆڵەر و ڕۆشنبیران و خوێندەواران بوو، بەگەرمی پێشوازی لێ کرا و لە هەفتەی یەکەمدا نزیکەی300,000 دانەی لێ فرۆشرا. ساڵی 1892 کوڕی ژن دێنێ و ئاهەنگەکەی لە ڤییەنا ساز دەکات. بسمارک لەوێ چاوی بە قەیسری نەمسا Franz Joseph دەکەوێت. ئەم دیدارە ترس و گومان دەخاتە دڵی پاشا و بەپرسانی ئەڵمانییەوە و دەترسن بیسمارک خەریکی کاری سیاسی بێت و بیر لە تۆڵەکردنەوە بکات. ساڵی 1894 بسمارک لەگەڵ قەیسەردا ئاشتاین دەبێتەوە و داوەتنامەیەکی بۆ بەرلین بۆ دێ و پەسەندی دەکات. قەیسەر ڤیلهێلم لە کۆشکی بەرلین دەیبینێ. دوای ئەم دیدارە بە 3 هەفتە، قەیسەر دەچێتە سەردانی بسمارک لەFriedrichsruh هەر لەم ساڵەدا خۆی جەڵدەیەک لێی دەدات و نەخۆش دەکەوێ و ژنەکەشی دەمرێ،ئیدی بارودۆخی ژیانی بسمارک زۆر ناخۆش دەبێت.

کچەکەی خەریکی خزمەتکردنی باوکی دەبێت. بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی 80 ساڵەیەوە، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ساز دەکەن و قەیسەر بە خۆیی تیمی مۆسیقای سەربازییەوە دێنە سەردانی بسمارک، بەم بۆنەیەوە 50 شاندی گەورە کە 35 شەمەندەفەری تایبەت دەهێنرێن و دەبرێنەوە دێنە سەردانی. بسمارک نزیکەی 10,000 هەزار تێلەگرامی پێ دەگات. چەندین هەزار کارتۆن دیاری و 45,000 پۆستکارت و نامە و بەڕێوەبەرایەتی پۆستی شارەکەی 28 کارمەندی زیادە دەخەنەکار بۆ هێنان و بردنی دیارییەکانی بسمارک. مانگی 5/1895 هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ Hamburger Zeitung کردبووی ڕێگەیدا بڵاوکرێتەوە. ئەم بڕیارە تا ئێستاش هۆکارەکانی بەلای مێژوونووسانیشەوە دیار نییە. هەرایەکی گەورە بەرپا بوو. ناوەڕکی چاوپێکەوتنەکە،ڕەخنەی توند بوو لە حکومەت و ئاشکرا کردنی هەندێ کاری نهێنی بوو. ئەم چاوپێکەوتنە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دایەوە لە ناوەوە و دەرەوە. پاشا بڕیاری دا بە تاوانی ناپاکی لە نیشتمان بخاتە زیندانیSpandau بەرلین. بەڵام ڕاوێژکاری ئەو دەمە Hohenlohe ڕێگری لەم بڕیارە دەکات و قەیسەر لە بۆچوونەکەی سارد دەکاتەوە.

ڕۆژی30.7.1898 دوا ڕۆژی ژیانی بسمارکە، بسمارکێک ساڵانێکی زۆر بوو بە نەخۆشی و ئازاری جۆراوجارەوە دەیناڵاند. لەتاو ئازاری زۆر و نارەحەتی دەڵێ:" **بۆ من تەنها یەک ڕۆژی بەختەوەری ماوە، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە چی تر لەخەو هەڵناسم".**لە وەسێتنامەکەیدا داوا دەکات بەسەر گردۆڵکەیەکەوە،لەFriedrichsruh بینێژم، بەرامبەر بە مەڵبەندی ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام قەیسەر سەرباری ئەو ناکۆکییانەی نێوانیان، ڕێگری لەم وەسێتنامەیە دەکات و تەرمەکەی بیسمارک لە تابووتێکی تایبەتیدا دێنن بۆ بەرلین و لەکاردیدراڵی بەرلین/ Berliner Dom لەتەنیشت چەندین ئەندامی تری ناوداری بنەماڵەی هۆهەنتسۆلەرن/ Hohenzollern دەینێژن. لەسەر کێلە مەرمەڕەکەی دەنووسن: میر ڤۆن بسمارک، ڕۆژی1,4,1815 لەدایک بووە و 30.7.1898 کۆچی دوایی کردووە، ئەڵمانێکی بە ئەمەکی خزمەتگوزاری قەیسەر Wilhelm II بووە...

هەتا ئیمڕۆ هەزاران هەزار کتێب و خەرمانێ وتار و لێکۆڵینەوە و قەڵایەک وێنە و مەدالیا و هەزاران هەزار ناوی شەقام و گۆڕەپان و مۆزەخانە و کۆتەڵ و پەیکەری لە ژمارە نەهاتوو بە ناوی " ئۆتۆ ڤۆن بسمارک" وە هەیە. ئەگەر ئینگلیز بە چەرچڵ و فەرەنسی بە دیگۆلەوە شانازی بکەن، ئەڵمانیش بسمارک دەپەرستن. کورت و کرمانجی ئەمە ئەو مێژوومیە کە تا بێت زیاتر دەدرەوشتێتەوە و چرکەبە چرکە، گیانی سەردەمی دەچێتەوە بە بەردا. ئاخر بسمارک بە ڕۆحێکی ئەڵانی و باوەڕێکی پتەوی یەکگرتنەوە دەوڵەتێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت 150ساڵ زیاتر، لە هیچ باهۆز و کێژەڵووکە و زریانێکی ئایدۆلۆژی و قەیرانی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی نەیتوانیوە، کۆڵەکەیەکی لەق بکات..سەروەرییەکی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووریی هێندە پیرۆزی لە دوای خۆی جێهێشتووە، شکۆی بەخشیووە هەر تاکێکی ئەڵمان،کە لە سێبەری ئەڵمانیا و سەرکەوتن و دەستکەوتەکانیدا دەژی.

**<u>چەپکێ لە وتەکانی:</u>**

+ ئێمە ئەگەر وا نەکەین ببینە چەکوش، ئەوە دەبینە مێخسندان.

+ کەفوکوڵی هەڵچوو هی دنیای سیاسەت نییە.

+ سیاسەت زانست نییە کە مرۆڤ فێری ببێت، سیاسەت هونەرە و ئەوەی نەتوانێ بیکات ،باشترە لێی دوور کەوێتەوە.

+ دوای خودا، دەمەوێ ئەوەی پێوستە بۆ ئەڵمانی بەدەست بهێنم.

+ ڕەخنەگرتن ئاسانترە لە حوکم کردن.

+ لە سیاسەتی دەرەوەدا هەست و سۆز و بەزەیی نییە، بەڵکو بەرژەوەندی بەرابەری و بۆ وەرگرتنی ئاراستەکان هەیە.

+ درۆکردن دەتوانێ جەنگ هەڵگیرسێنێ، ڕاستگۆییش لەشکرێ بوەستێنێ.

+ کێ گەنجینەی پارەی بەدەستەوە بوو، دەتوانێ حوکم بکات.

+ سیاسەت پەندگیریی و زانستی شیاوەکانە.

+ فرەڕەنگی و ئاڵوگۆڕکردن ڕۆحی ژیانە.

+ هەرگیز هێندە درۆ ناکرێ،وەک ئەوەی لەسەردەمی هەڵبژاردن و لەکاتی شەڕ و دوای ڕاودا دەکرێ.

+ تەنها گەمژەکان لە تاقیکردنەوە شت فێر دەبن، بە پێچەوانەوە زیرەکەکان لە ئەزموونی کەسانی سەرکەوتووە فێر دەبن.

+ هەر ئەڵمانێک پەڕوباڵی نیشتمانەکەی بکات و ڕووتی بکاتەوە، بۆ من ئەڵمان نییە.

+ سیاسەت کاری پرۆفیسۆرەکان نییە، بەڵکو  بۆخۆی هونەرێکە.

+ ئازادی ـ خۆش ژیانە / لوکسوسە،من ناتوانم بیبرم بە بەری هەرکەسێک دا.

+ هەرچۆنێک بێت بە یاسا و ڕێسای خراپ و کارمەندی" دادوەری ـ دەسەڵاتی!" باشەوە دەتوانی حوکم بکەیت، بەڵام بە  یاسای باش و دادوەی خراپەوە هێچت پێ ناکرێ.

+ کە گوێ لە بیتهۆڤن دەگرم، ئازاتر دەبم.

+ ئەگەر بهاتایە و دوژمنم نەبوایە، واتە من هیچ دۆستێکم نەدەبوو. مرۆ ناتوانێ لەیەک کاتدا هەردووکیان  بێت سارد و گەرم، لە کاتێکدا، ژیان لە  تەواوی سروشتیدا پێکهاتووە لە تێکۆشان.

+ تا ئێمە بەهێز بین، ئەگەری شەڕ کەمتر دەبێتەوە.

+ نیشتمان دەخوازێ خزمەت بکرێ، نەک حوکم بکرێ.

+ من سوپاسگوزاری ئەو ڕەخنە توندەم، کە بابەتییانە دەگیرێ لەو چوارچێوەیەدا  دەمێنێتەوە.

+ لە سیاسەتدا هیچ جارێک شیاو نییە، بەڵگە و ئاکامی ماتماتیکی بخەیتە بەردەست.

+ ئازادی چەمکێکی گرفتاوییە.

+ پێویستە مرۆڤ، لە سیاسەتدا وەک ڕۆیشتن بەسەر چیادا، بەهۆی نشێویی و چاڵ و چۆڵییەوە، باداتەوە. بەڵام لە دەشت و تەختاییدا پێویستی بەوە نییە.

+ ئەگەر پەرلەمان نەبێت هەر چەرچییەک دەتوانێ حوکم بکات.

+ یاسا و پرنیسیپی سەرکەوتنم بریتییە لە: من ڕاوی دوو کەروێشک پێکەوە ناکەم.

+ پرووسیا وەک چاکەتێکی خوری وایە، تۆزێ دەتخورێنێ،بەڵام  گەرمت دادەپۆشێ.

+ متمانە  وەک ڕووەکێکی ناسکە، کە فلیقانتەوە، بەم زوانە نایەوە.

+ چەند خۆشە نیشتمانێکت هەبێ، بەهۆی  لەدایکبوون و یادەوەری و خۆشەویستییەوە لەگەڵی گەورە بیت.

+ ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە، لە خەمی هاوڵاتییە بێ چارەکانیدا بێت.

+ سەرکەوتنی گەشەی نەتەوەیی هەر وڵاتێک، بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەستاوە لەسەر کەمینەی خوێندەواری وڵات. تێکچوونی ئەو کەمینە خوێندەوارە، نەخۆشی درێژخایەن پێک دێنێ.

+ لەخۆبایی بوون، یەکەم بارمتەیە لەسەر ئابڕوو.

+ ئۆپۆرتونیستی چییە؟ ئەو کەسەیە، کە هەلێکی گونجاو بەکاردێنێ، لەپێناوی ئەوەی جێبەجێی بکات، بۆ ئەو شتەی کە بە سوود و ئامانجی دادەنێ. بەڵێ ئەمەش ئەرکی دروست و تەواوی دیپلۆماتییە.

+ من لە ژیاندا بەدەگمەن مرۆڤێکی بەختەوەر بووم. گەر تەواوی چرکەساتە ڕاستەقینەکانی ژیانم بەختەوەریم بژمێرم، پێکەوە بە تێکڕا دەبنە24 کاتژمێر .

***

**ئەو ڕەخنانەی لە بسمارک دەگیرێ:**

لە ئاکامی برەوسەندنی بیری چەپایەتی و لیبەڕاڵ دیموکراسی لە ساڵانی 70& 60 کانی سەدەی ڕابووردوو، کەشوهەوایەکی ڕەخنەگرتن لە زۆر دیاردە خوڵقا. بسمارکیش بەر ئەو شاڵاوە کەوت.

+ پرسی ئەڵمانیا! گەلێ کەس دەڵێن هەق بوو یەکگرتنی ئەڵمانیا گەورە ویستی بسمارک بووایە، تاوەکو ئەڵمانیش بیتوانیایە ببێت بە زلهێزێکی ڕاستەقینەی وەک ئینگلیز و فەرەنسی و ڕووس و،،،هتد.

+ بسمارک نا دیموکراسی بووە، توند و بێ روحم،لەگەڵ دۆست و دوژمن دا. هەروەها کەسێکی شەڕانی بووە. بۆ نموونە هەر لەشەڕی دژی فەرەنسا 190,000 کەس بەلانی کەمەوە لە هەردوو کوژراوە.

+ گوایە بە هۆی میراتی سیاسەتی بەجێماوی بسمارکەوە، هیتلەر هاتۆتە سەردەسەڵات و ئەڵمان دوو چەنگی جیهانی بەرپا کردووە؟.

************************

**<u>بۆ ئەم نوسینە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:</u>**


- Gedanken und Erinnerung Otto von Bismarck 1965 -

- Bismarck Der Wille zur Macht Norbert F. Pötzl 2015 -

- Deutsche Geschichte Eckhard Jesse 2004 -

- Der Wiener Kongress Heinz Dachhardt 2013 -

- Der Deutsche Bund Wolf D. Gruner 2012 -

- Otto von Bismarck Eine Biographie Eberhard Kolb 2014 -

- Die Revolution von 1848- 1849 Dieter Hein 2015 -

- Der Weg zur Nationalstaat Hagen Schulze 1985 -

'٣-7- Das Deutsche Kaiserreich Christoph Nonn 2000 -